



a

ناوی کتێب : له غوربه‌تا

نوسینی : محه‌مه‌د عومه‌ر عوسمان "ژنه‌ڕاڵی پاییز "

بابه‌ت : شیعر

دیزاینی به‌رگ :ئارام عه‌لی

فۆتۆ :سه‌رتیپ عوسمان

https://www.facebook.com/zhanaral.payz

http://zhanaral.blogspot.com/

کۆکردنه‌وه‌ و نوسین و ئاماده‌ کردنی

**هه‌ڵوێست محه‌مه‌د خه‌یات**

سوپاس بۆ هاوکاری ماڵپه‌ڕی " ماڵێک له‌ ئاسمان "

©2012

# پێرست

- *بروسکه‌یه‌ک*
- *ئه‌شکی ئێواره‌*
- *ئه‌ترسم دڵ ببێته‌ پارچه‌یه‌ک سه‌هۆڵ*
- *هانا*
- *خۆکوشتن*
- *با*

- ئێوارەی پاییز
- شەوی پاییز
- یەسەنین
- ڕووداوی هەردوو دیوی پەنجەرەکە
- کۆست
- لە غوربەتا
- ڕەهێڵە
- کارەسات
- وونبوون
- ماسیگرێک
- تەم و مژ
- هەواری چۆڵ
- بابە تاهیر
- ڤان کۆخ
- گۆڕان
- سەراب
- خانمی سوور پۆش
- پاییزی دەریا

- *نامەیەکی پاییزی*
- *تەنیایی*
- *لە شانشینی پاییزا*
- *دووەم نوح*
- *نوێژێک لەبەر بارانا*
- *ژەنەڕاڵی پاییز*
- *لەجەژنی سەری ساڵا*

# بروسکەیەک

ئەزانی بۆ دنیای شیعرم.. هەر پایزە.. هەر زریانە؟

من تەنیا پایز شک ئەبەم.. پایز بۆ من نیشتمانە

خۆم غوربەتم.. لێم مەپرسە.. چییەغوربەت؟..

ژیانی من ئاوارەیی و تەنیایی و لێک دابڕانە

خۆ من حەز ئەکەم ببم بە هەورێ.. ببارێمە سەر قەدوباڵاکەت..

پەپوولەیەک بم.. شەو نیوە شەوێ ببمە زوخاڵی دەوری چراکەت

وەک دوو شەونمین.. سبەی ئەمانبا خۆری مەینەتیی..

یاخود دوو گەڵاین.. ڕەشەبای پلپیز سەرمان ئەنێتە کۆشی غوربەتی!

*بروسکە: بە مانای - برقیە - بەکارم هێناوە

## ئەشکی ئێوارە

لەگەڵ هەنسک و گریانی..

هەوری خوێنینی ئێوارە

بەکوڵ گریا.. فرمێسکی ڕشت..

ئەم دڵە پڕ لەپرسیارە

*

وتم.. ئای ڕەنگەهەورەکان لەتاو..

ئازاری قامچی بروسکەکان بێ..

بەخوڕ دابکەن؟

یان بۆ دیمەنی پڕ ماتەمینیی گەڵا مردووەکان..

شین و زار بکەن؟

یان بۆیە ئاسمان وا بە کوڵ گریا..
چونکە گوڵی هەور لە وەرینایە و
دەستی بەربووە لە چڵی دەریا!

*

گریام و کەسێک نەبوو لێم بگا..
باخی ئومێدم بوو بە خاکستەر
گریام کەس نەبوو دڵی بەفرینی بکا بە دەست و
کراسی ڕەشم دادڕێ لەبەر

*

هەتا ساماڵ شانی دادا.. هەر وەستابووم..
کەس پێکی دڵی نەهێنا و
لێوڕێژ بوو سوراحیی چاوم

# ئەترسم دڵ ببێتەپارچەیەک سەهۆڵ

تۆ خۆتم لێ مەشارەوە

ئەترسم دڵ ببێتەپارچەیەک سەهۆڵ..

بەدەم کزەی ئێوارەوە

*

تۆ خۆتم لێ مەشارەوە

من لەگەڵای زەردی پایز..

زۆر بێ نەوا و غەریبترم

لەکزەبا تەزیوترم

*

تۆ خۆتم لێ مەشارەوە

بیرتەبەزەردەی ڕوانینەکانت..

هەڵمت لەبەفری دڵم هەڵسان و

منت خستەشوێن سامالٌی گیانت؟

*

تۆ خۆتم لێ مەشارەوە

بڕوانەپەڵەهەورەکان..

گەرچی نەدیدەن.. گەرچی نەناسیاو..

دەست دەنێنە دەست

لە نیشتمانی ئاوارەییدا..

ئەبن بە ڕێژنەی گریانێکی خەست

*

تۆ خۆتم لێ مەشارەوە

ئەترسم دڵ ببێتەپارچەیەک سەهۆڵ..

بەدەم کزەی ئێوارەوە

## هانا

ئێستا.. منی ون لەتەمومژی ڕەشی غوربەتا

گەڵای درەختی گیانم هەڵوەری..
لەناو بڵێسەو گڕی مەینەتا

*

دەتوخوا وەرە..
بیابانی دڵم.. تینوی کانیاو - شەیدای سێبەرە
دەتوخوا وەرە..
با سەرابەکان ببن بەشەتاو
درەخت سەر بکا بەکۆشی هەورا..
هاژەبێتەوەناو چەمی سوتاو

*

دەتوخوا وەرە..
لەتینوێتیدا..
هەور خنکاوە
لوتکەبێ بەفرە
درەخت سوتاوە
دەتوخوا وەرە..
دڵ نوقمی ئەشکە.. مەرگ چاوەڕێمە..

خاکێکی سوتاو مەزار و ڕێمە

*

با بگەڕێمەوەبەرەو جیهانی سەوزی منالّیی
با هەست بەبۆسۆی پرچی سوتاوی ڕۆژەکان نەکەم..
نەڵێم.. ئەو ڕۆژەسەختانەم دیوە
بەهاران جارجار چەپکێ گوڵاڵە..
بگرمەدەست و بەدایکم بڵێم..
ڕاستەگوڵاڵەخوێنی شەهیدە؟
تەرمی شەهیدم هێشتا نەدیوە
کەتۆ هاتیت و منالّ بومەوە..
دەمەو ئێواران مەلی سەرنجم..
لەداوی تیشکی زەردە.. دەئاڵێ
خۆرم لێ ئەبێ بەتۆپێکی سوور یان پرتەقاڵێ
بەدایکم ئەڵێم.. ئەچمەسەر لوتکەو ئەیگرمەباوەش
خۆر ئەهێنمەژوورەکەمەوە..
چرامان ناوێ شەوی تار و ڕەش

*

دەتوخوا وەرە..

با سەرابەکان ببن بەشەتاو

درەخت سەر بکا بەکۆشی هەورا..

هاژەبێتەوەناو چەمی سوتاو

# خۆکوشتن

-)ئای.. کەی بێ چەقۆی ژێر سەرینەکەت..

لەقوڵپی خوێنتا گەرم بێتەوە؟

یان مردن بمرێ و لەژوورەکەتا..

هەوری خۆکوشتن بڕەوێتەوە؟(

*

-کەنیوەشەوان.. هانا بۆ مەرگ.. مەرگی خۆم ئەبەم

ڕوخسارێکی کاڵ.. لەدوورەوەدێ.. کاڵ هەر وەکو تەم

هەتا دێ تۆخ و تۆختریش ئەبێ..

لەپڕا ئەڵێم.. ئای.. خۆ هاتووە!

سەری ناوەتەسەر پەنجەرەکەم

زەردەئەیگرێ و

زۆر بەخامۆشیی.. لەسیمای مردووم.. ورد ئەبێتەوە..

منیش چەقۆکەئەشارمەوە..

نەفرەت لەبیری خۆکوشتن ئەکەم

پێی دەڵێم.. گیانە.. ئاگر لەگیانی تەزیوم بەردە..

با دڵ و سینەی پڕ لەئازارم لەت و پەت نەکەم

زەردەئەیگرێ و

کەهەنگاوێکیش بەرەو ڕووی دەنێم..

بەجێم ئەهێڵێ..

سیمای کاڵ.. کاڵتر.. کاڵ دەبێتەوە

دیسان ژوورەکەم کەیل ئەبێتەوەلەزایەڵەی گۆڕ..

هەزاران تابووت.. لەناو چاوانما.. ئەخولێتەوە

لەتەم و مژا.. پەل دەهاوم و

جارێکی تریش هانا بۆ چەقۆ ڕەشەکەئەبەم..

چەند ساتێک نابا.. بەر لەمردنم.. دەگەڕێتەوە

سیمای تۆخ.. تۆختر.. تۆخ ئەبێتەوە

سەرلەنوێ دەستم سارد ئەکاتەوە

کوشتنی خۆمم بیر دەباتەوە

# با

نیوەشەوێکی سارد و غەمناکە..

پایز میوانەلەژوورەکەما

هەناسەی ساردم ئەبێتەئەشک و

دێتەخوارەوەبەباڵای ڕەشی پەنجەرەکەما

*

هاوار و هاژەی چەمی ناڵینێک..

ئەڕژێتەگۆمی مەنگی دڵەوە

ئارام و ئۆقرەلەگیانم ئەبڕێ..

وەك گەڵای پایز بەدەم چڵەوە

*

هاوار و هاژەی چەمی ناڵینێک..

دێتەگوێم ئەڵێی ئاوازی تارە

نازانم کێیەبەم نیوەشەوە تار ئەژەنێت و
کەشتی ئارامی کۆیلەی شەپۆلی دەریای ئازارە؟

*

هاوار و هاژەی چەمی ناڵینێک..
بەمن نامۆیە..
ئەمکا بەشێت و.. وێڵ و ئاوارەی..
ناو دارستانی چڕی دوودڵیی
سەرسام دەبم و
کەپەنجەرەکەئەخەمەسەرپشت..
گڤڤڤڤڤڤڤڤڤ.. گڤەی (با) دێ و گوێم پێ شل دەکا
بۆ ئاهی سینەی پڕ کەف و کوڵی

*

هاوار و هاژەی چەمی ناڵینێک..
لەلام ئەبێتەوژەوژی (با(
ئەوسا دڵنیام ئەوەی ئەیبیستم گڤەی (با)یە(با(

*

پێی ئەڵێم.. وەرەمن تۆم خۆش ئەوێ

بیرتەهاوینی پار ئێوارەیەک بەچڵەدارێ..

کەلەسەر خۆڵی ڕێگەکەنوسیم..

گەر نازدار بمرێ کۆستم ئەکەوێ

کەتۆش هاتیت و زوو سڕیتەوە

ئای کەمناڵ بووم..!

وامزانی ئەچی لەسەر پەنجەرەی..

ژوورەکەی نازدار ئەینوسیتەوە!

## ئێوارەی پایز

ئێوارەیەو

گڤەی (با) دێ..

هەور ئاسمانی گرتووە

ئێوارەیەو

داری پایز ئاهەنگی مردن ئەگێڕێ..

گەڵا سەرچۆپیی گرتووە

*

ئێوارەیەو

منی تەنیا لەناو کۆمەڵێ تارمایی ڕێبوارانا..

لەسەرمانا.. ئەلەرزم و

هەنگاو ئەنێم بەژێر باڵی ڕەهێڵەو شەستەبارانا

*

ئێوارەیەو

منی بێ پاڵتۆ.. بێ چەتر..

دەربەستی تۆف و سەرما نیم

ئێوارەیەو

کەس بۆ خەمی من ناسوتێ..

ئای لەو ڕۆژەڕەشانەی دیم!

*

ئێوارەیەو

خۆشەویستی و ترسی پایز..

هەموو گیانمی گرتۆتەوە

ئێوارەیەو

پایز لەدڵی تەزیوما..

ئاگرێکی پڕ بڵێسەی کردۆتەوە

*

ئێوارەیەو

زۆر حەز ئەکەم لەجێی باران..

گەڵای زەرد بەسەرما داکا

ئێوارەیەو

باوەش ئەکەم بەگەڵای مردووی پایزا..

ئەو پایزەی ڕەنگی قژ و ڕەنگی چاوی ئەو.. ون ناکا

*

ئێوارەیەو

تاوێکی تر گۆڕەکەی ئەگرمەباوەش

لێی ئەپرسم.. ئاخۆ شەوان سەرمای نابێ؟..

ئاخۆ سڵ ناکا لەگرمەی هەور و لەلورەی باڕەش؟

# شەوی پایز

ئەمشەو خەڵکی شار پەنجەرەکانیان خڕ داخستووە..
تەنیا من نەبێ پەنجەرەکەمم خستۆتە سەر پشت
کێ وەک من پێکی لە غەمی گەڵای زەرد لێوڕێژ ئەکا؟..
هاکا بە باڵای دارێکی ڕووتا.. خوێنی خۆمم ڕشت

*

لق و چڵەکان بوونە هەزاران دەستی پڕ نزا و
)با) تەرمی ملیار گەڵای شەهیدی داوە بە کۆڵا
ئەفسوس گەڵاکان ئەکەونە ژێر پێ..
سەرگەردان ئەبن لە گەرد و خۆڵا

*

ئەمشەو گەڵاکان پەروانەی مردوون..
ناچنە دیداری چرا و گڕی مۆم
ئەمشەو گەڵاکان ماسی مۆمیان و
شاد نابنەوە بە ڕوبار و چۆم

*

جارناجارێکیش شەپۆلی یادێ..

ئەمباتەوە لای ئەو پیرە دارەی..

وەکو من و ئەو زادەی پایز بوو

ئەو پیرە دارەی ڕۆژانێکی زوو..

تاکە حەشارگەی من و ئازیز بوو

ئەو پیرە دارەی کە وام ئەزانی..

گەر دوا گەڵاشی زەوت کا بارەش

دەستی هەر لق و چڵێکی ڕووتی..

سەدەها گوڵی چرپەی من و ئەو ئەگرێتە باوەش

*

خۆزگە ئەمتوانی ئەو گەڵایانە..

دەربهێنمەوە لە چنگی ساردی کزەی نیوەشەو

بە تاڵی شەنگی پەلکەزێڕینە کفنیان بکەم و

لە مەزارێکا.. بیانسپێرم بە فریشتەی خەو

*

شەو ڕاشکلوە و ئەفسونی پایز..
سەری تەزیوی لە پەنجەرەوە پێهێناومە دەر
تا غەمی سەگی لانەوازی ژێر چۆڕاوگەش ئەخۆم..
یەک و دوانیش نین.. تا جلەکانی خۆمیان کەمەبەر !

# یەسەنین*

ڕێبوارێ بووم و
هەورێ نەگریا بەسەر باڵاما..
تۆزی غەریبیی بەرگی بەرم بوو
ڕێبوارێ بووم و
هەورێ نەگریا بەسەر باڵاما
سەرابێکی دوور ڕێی سەفەرم بوو
*
کەوتمەدوای تیشکی دووچاوی شۆخێ..
دڵم هەڵوەری لەلەپی دەستیا..

بووم بەگەڵایەک لەناو شەپۆل و

گێژاوی هەستیا

*

کەهاتیشمەشار ئەستێرەی بەختم..

لەتەم و مژا ڕۆیی ئاوا بوو

دنیای ە ەستی من بوو بەکەلاوە..

تا ڕۆژانێ بوو بەهەشتی خوا بوو

*

ئای.. چەند سەرم کرد بەمەیخانەدا..

تا شەوەکانم بێتەوەبەڕۆژ

تا سەرابی دڵ.. لەسای هەورێکا..

تیا داکا نمەی بارانێکی سۆز

*

ویستم مەست بم و

لە سەرخۆشییا..

خەوی مناڵییم بگەڕێتەوە

ویستم بکەومەبەزم و گۆرانیی

نەمزانی تەم و هەوری زامی من..

لەپێکی مەیدا نارەوێتەوە

*

ئەفسوس سەد ئەفسوس ئەوەی شێتی بووم..

لەجیاتی ئەوەی خۆڵەمێشی دڵ..

لەکۆشی گەرمیا گڕ بگرێتەوە..

بگەشێتەوە لەناو پەرچەم و ئەگریجەی لولا

دای بەدەم (با)وە..

ئێستاش بەو زام و ئازارانەوە..

ئەتلێتەوەلەگەردەلولا

*

لۆمەی من مەکەن..

ئێوە ئەوانەی لەژووری گەرما..

لەپشت پەنجەرەی داخراوەوە..

سەیری ئاسمانی باوبۆران ئەکەن

ئەو ساتانەش کەدەرگای ژوورەکەم..

بەرووی (با) و بەفرا توند پێوەداوە

)با) لەناو خوێنما هەڵی کردووە..

لەشەختەو زوقما پەلم کوتاوە

*

دەمەو ئێواران.. خۆر ساردە..

دڵی دڵدارانیش تەنگ

خۆر خۆی سەرئەبڕێ..

دنیا ئەبێتەگۆمێک خوێنی مەنگ

لۆمەی من مەکەن.. بەر لەڕۆچوونم

خۆم کوشت کەزانیم..

خۆرێکم نزیک لە ئاوابوونم

بەڵام بەر لەوەی پەپوولەی ڕۆحم..

گڕی مۆمی مەرگ بەر با لە گیانی

ئاگرم لەسەر بەفر کردەوە و

گەروم لێوڕێژی بەستەی گۆرانیی

*سێرغی یەسەنین: شاعیری مەزنی ڕوسی (1895- 1925)

# ڕووداوی هەردوو دیوی پەنجەرەکە

لەودیو پەنجەرەی تەزیوی زستانەوە..

دوو چاوی گەشی پڕ ئەشک و نزا..

بەدەم شەپۆلی گڵ و ژانەوە

تک.. تک.. ون ئەبێ..

لەتاریکیی و تەم و مژا.. دەتوێتەوە

تا ساتێ زووتر.. خوا تابووتی شەو..

لەدارستانی بەرەبەیانا.. بشارێتەوە

کەچی تادێ شەو سامناکتر ئەبێ..

خوا ناڕوانێتەسیمای پشتی ئەو پەنجەرەڕەشە..

کەمرۆڤێکی تەنیای کلۆڵە

پێخەفی هەور و سەرینی خۆڵە

ئەگری و ئەپرسێ..

مەگەر بەتیشکی زەردەی مەرگی خۆم..

سەهۆڵ بەندانی شەو بتوێتەوە!

جگەرەی ئەبەدیی خەمی گەردونم لەلێو بێتەوە

ئەگری.. ئەیەوێ خۆی بسوتێنێ..
جەستەی تەزیوی ئاگر تێبەردا و
تا دوا هەناسەی ئەم ژینەپەستەی..
پڕ بێ لەئۆخەی..
لەبەر ڕۆشنایی سوتانی خۆیا..
وێنەی گزنگی ئاوابووی ژینی بدۆزێتەوە..
خۆڵەمێشی خۆی تێکەڵ کا لەگەڵ گەرد و سوتوەکەی
ئاگر شک نابا..
دێتەدەرەوە..
بەناو جەنگەڵی تابووت و مەرگا
ڕووەو کەناری گۆڕستانەکەئەکەوێتەڕێ
لەکاسەی سەریا..
هەوری خۆکوشتن ئەڕەوێتەوە
بەڵام هەزار داخ هێندەی پێ ناچێ..
سەگەکانی بەگ ئەیگرن.. ئەڵێن..
ئەمەهاتووەلەتەلبەندەکان بپەڕێتەوەو
نەخشەی جۆگەکان تێک بداتەوە
لەت لەتی ئەکەن.. کەسیش تەرمەکەی نابینێتەوە!

# کۆست

ئای چ ڕۆژێکی شوم و غەمناکە..!
کە خۆر خنکاوە لە تەم و مژا
شاعیرێ بە دیار تەرمی خۆرەوە..
ئەگری و زستانی هاتووە بە گژا

*

ئاگری سینەش بوو بە خۆڵەمێش..
دڵی وێرانەم ئێستا سارد و سڕ
لە زستانێکدا چۆن بوو بە هەڵم..
ڕۆژێ لێوان لێو لە بڵێسە و گڕ؟

*

کوا ئەو ڕۆژانەی کە گەڵای نیگای..
بۆ جەستەی سڕی من دائەباری؟
بۆ منی خەستە دوو باخی نیگای..

گەڵای فرمێسکی ئەکردە دیاریی

*

بۆ ترپەی دڵمان نارژێتە ناو یەک..
وا دەستی زستان لە دەرگا ئەدا؟
ئاخ.. لە سوچێکا سەر ئەنێمەوە..
مەرگێکی خامۆش وەک مەرگی گەدا

*

بەر لەوەی لەیەک جیا ببینەوە..
نەم ئەوت نوقمی موچڕکە و بەفرم
خەیاڵ ئەیبردم بەرەو گەرمەسێر..
ئەو بەفرە بووبووە سابات و کەپرم

*

لەگەڵ ئەوا بووم.. بەفر پشکۆ بوو..
کە گەڵاش نەبوو بە ڕووی دارەوە
من گوڵزارێکم ئەهاتە بەر چاو..
بە چڵی ڕووتی بەفرانبارەوە

*

بەفر بۆ من بوو بە بەرگی پرسە..

منی خستە ژێر باری جەورەوە

بە یادی ئازیز سەرەڕێ ئەگرم..

خۆم ئەخەمە ژێر باڵی هەورەوە

*

من لەگەڵ هەورا.. ئەگریم بە یادی..

ئەو ڕۆژانەی کە ناگەڕێتەوە

ئەو بەفرەی لەسەر ڕێی کۆچیا باری..

لە دڵی منا چۆن ئەتوێتەوە؟

*

کێ لەم زریانەم ئەشارێتەوە..

کێ.. کێ خۆی ئەکا بە چەتری سەرم؟

کەسێ نابینم سیمای لەو بچێ..

بەر لە مردنم هانای بۆ بەرم

*

له لام بووبوونه پۆلێ قەلەڕەش..
گشت کڵۆبەفری ئێوارە کۆچی
لە دنیایەکا پڕ لە چەتری ڕەش..
من بەفر نەکەم بە چەتر بۆچی؟

*

بەفر تابووت بوو.. تابووتێک سپی..
ئازیـــــزم سەری تێدا نایــەوە
بە ئێوارەیەک سەرم سپی بوو..
بە ئـــــــاهم بەفر نەتووایەوە

*

تاوێ گریام و بە چۆکا هاتم..
ئەشکم ڕژانە سەر شوێن پێکانی
حەزمەکرد شوێن پێی نەسڕێتەوە..
بە سەریا بگریم هەتا بەیانیی

*

خۆزگە ئەمتوانی دڵم دەربێنم..
خوێنی بتکێنمە سەر شوێن پێکانی
ڕیزێک شوێن پێی سوور.. بەسەر بەفرەوە..
جوانییەک نیە.. شان با لە شانی

*

وتم.. خوایە گیان چی ئەبێ ئەگەر..
جارێکی تر خۆر هەڵنەیەتەوە!
تا شوێن پێکانی لەسەر ئەو بەفرە..
هەتا هەتایە نەسڕێتەوە

*

ئای نەم ئەزانی ئەو شوێن پێیانەی..
دواین تروسکەی ئاواتی منن
لە ژێر پێی خەڵکا ئەسڕێنەوە و
گشت جوانەمەرگی دەستی مردنن

*

کەسیش نەیزانی.. شوێن پێیەتی یا..

دڵمە بە ژێر پێی ڕێبوارانەوە!

ئەبێ بە ئاو.. و ئەکەوێتە ژێر..

بەفر بـــارینی ئێوارانـــــەوە

*

ئێستاکەش گەرچی خەزانی تەمەن..

ئەمبا بەرەو گۆڕ کزەبا و تەمی

لە چاوما هەوری حەسرەت و پرسیار..

چەخماخە ئەدا.. کەیلە لە غەمی

*

هەرچەند لە دوای ئەو من بۆ گزنگێ..

تەمی مەینەتییم.. بنێتە ناو مشت

ڕۆژانێکی زۆر هەر هاتم و چووم..

دڵ سووتا.. چاوم ئەشکی زۆری ڕشت

*

دەستێکی مژدە لە دەرگای نەدام..

کەسێکم نەدی خورپە بێ بۆ دڵ

زستانی ژوورم تەفروتوونا کا و

تاپۆی تەنیاییم.. بنێتە ژێر گڵ

*

بڵێی بێتەوە بەر لەوەی گۆڕێک..

باڵام بنێتە باوەشی ڕەشی؟

لە ئەشکیا بمشوا و خۆڵەمێشی دڵ..

کڵپە بسێنێ سەر لەنوێ لەشی!

# لە غوربەتا

سینەی پڕ ئاهم .. هەورێ تیا دەگری و

لە چاوانمەوە.. باران داناکا!

عومریشم .. بەفری بەر هەتاوێکە..

هەر ئەبێ بە شوێن مردنا ڕاکا

*

کێ بێ پایزی دڵی ئاوارەم..

بنێتە کۆشی قرمزیی بەهار؟

کەشتییەکی وێڵ لە دەریای تووشا..

تۆ بڵێی ڕۆژێ بگاتە کەنار؟

*

با خۆم گێل نەکەم.. منی غوربەتیی..

کەنارم بۆف و شەستەبارانە

کەس ناگری بەسەر ڕوخساری منا..

تەم و مژێکی دەم ئێوارانە

*

بۆ شادمانیی زۆر کورتە تەمەن..

بۆ کوێرەوەریی.. نابڕێتەوە

چۆن گڕ ناگرێ بەفری بەرهەتاو؟..

خۆ دوای چەند ساتێ.. سەرئەنێتەوە!

*

بەفری بەر هەتاو .. چییە جوانییەکەی..

گەر خوێن نەهێنێ لە دەستی گزنگ؟

ئەگەر نەبێتە جەنگەڵی هاوار..

کە تووانەوە عومری نایە چنگ

*

ئای چەندە مەیلم لە گریانێکە..

دڵ و جەرگمی تیا بتوێتەوە

تەنیام و تەنیا.. کەس نیە باوەش..

بۆ ئەم ئازارەی من بگرێتەوە

*

لە تاو تەنیایی.. دوێنێ نیوەشەو..

چووم سەگێکی مات بگرمە باوەش

چاوانی ئەتوت گەڵای پایزە..

ئەویش جێی هێشتم.. تف لە بەختی ڕەش

*

شەو نیوە شەوان.. پیاسەی نیوەشەو..
سەگێک ئاشنا بە ڕۆیشتنی ڕێم
چاوم ئەبڕییە چاوانی زەردی..
چەمی عاتیفەی ئەڕشتە بەر پێم

*

لەبەر ڕەهێڵەی برسێتی یا .. ئای..
ڕەنگە ئەو سەگە ئێستا مردبێت!
بە دەم هەناسەی گیان دەرچوونەوە..
یادێکی منی تەنیای کردبێت!

*

گوڵی چەند هەورێ.. وا بوو بە چەپک..
بروسکەیەکیش بوو بە گوڵدانی
گوڵدان ئەشکێت و بە هەناسەیەک..
باڵام تەڕ ئەکا.. تاوە بارانی

*

لە پاسارێکا چۆڕاوگەی باران..

موچڕکە و تەزوو دێنێ بە لەشما

ئەو ڕۆژانەم بیر ئەکەوێتەوە..

نیگای پشکۆ بوو لە خوێنی گەشما

*

ئەو ڕۆژانەم بیر ئەکەوێتەوە..

دڵم بەفر بوو .. نیگام زەردەپەڕ

تلیاک بە خوێنم نائاشنا بوو

نە ئەشکی گەرم .. نە کسپەی جگەر

*

لێک جیابووینە وە بێ ماڵئاوایی..

خە ونە کانم بوو بە تە م و دوکە ڵ

دڵ وێرانە یە و جێی کونە بە بوو..

شـێنێ بگێڕم بۆ جریوە ی مە ل!

*

ببم به سۆفی و له سارایەکدا..
خه و به ڕوخساری خواوه ببینم؟!
ئاخۆ له نووریا ئه مشارێته وه..
گوێ ڕائه دێرێ بۆ سه دای شینم؟
*

ببمه ڕاهیب و له ناو دێرێکا..
له گه ڵ لێدان و زرنگه ی زه نگا
شیوه ن که م به سه ر ڕه ش پۆشیی خۆم و
په یکه ری عیسای مات و بێ دهنگا
*

ئه ی له که نیسه ی سۆز و ئه سرینما..
ڕاهیبه یه کی چاو کاڵی ڕه شپۆش
یه ک یه ک مۆمه کان دائه گیرسێنێ و
دڵی ته زیوی من ئه گرێته کۆش؟
*

ساتێ ئه چمه ژێر چه تری باران..
سیمای (دێرینی)م دێته وه به ر چاو
ساتێ هه وره کان ئه ڕه وێنه وه..
خۆویش ون ئه بێ وه ک تنوکێ ئاو
*

خۆزگه ئه متوانی له ناو پێکێکا..
ئا.. ئه و هه ورانه گشت بخۆمه وه
به پله ی په یژه ی بروسکه یه کا..
سه رکه وم.. به گڕ دڵ بشۆمه وه
*

ئێواران سه رم ئه بێته سوتو..
له ساو سێبه ری دره ختی ئه شکا
دره ختی گریه م.. لق و چڵی ڕووت..
کێ چه ند گوڵێکی خه نده ی لێ به شکا؟
*

خه ڵکی به شێتیان ئه دامه قه ڵه م..

ئاخ ئه و ڕۆژانه ی له به ر بارانا

دڵی پڕ ئه شکم.. ئه تووایه وه..

له چاوه ڕوانیی ده م ئێوارانا

*

خه ڵکی به شێتم ئه ده نه قه ڵه م..

نازانن که من (با) ئه خوێنمه وه

تنۆکێ باران حه رفی شیعرمه و

ئاگری عه شق چۆته خوێنمه وه

*

خۆزگه ئه متوانی گڕ له خۆم به رده م..

دوکه ڵم ببێ به تارای سه ر ڕووت

یان بمرم و سه گ له لاشه م تێر بێ..

دنیای ڕوانینم مردنه و تابووت

*

تابووتێ به به ر ده مما ڕاده برێ..

ئاخۆ سه ر به چ ماڵێکا بکا؟

له چ کوختێکی سارد و ته زیوا..
ڕه شه بای گه رمه شینێ هه ڵبکا؟
*

نهء.. تۆ بڵێ ئه و ته خته ی تابووته..
ته رمی چ سه وزه دره ختێکه.. ئای؟
لانکه ی چه ند مه لی لانه واز بووه..
چ شۆخێ بووه چ زامێکه.. وای؟
*

ئه رخه وانێکم دێنێته وه یاد..
به گۆڕستانێک چۆڵ و سارده وه
چرپه ی دوو دڵی نامۆ و ته زیوی..
له گه رده لولی شار ئه شارده وه
*

ئه و ئه رخه وانه.. ده مه و ئێواران..
ئه چوینه ژێری و بارانی چرپه
ئه بووه ئارامگا و گه رده لولی شار

دڵی نه ئه کرد به بێشه ی خورپه

*

ئه یوت.. بڕوانه ئه و خامۆشییه..

مه زار به هه شتی خۆشیی نه دیوه

دره ختی مه یل و شه ڕ و ئاژاوه..

له گۆڕا ڕه گ و ڕیشه ی ڕزیوه

*

تا خۆڵه مێشی بکوژ و کوژراو..

له گۆڕا له یه ک جیا ناکرێته وه

مردووه کان مه ستی خه وێکی قووڵن..

مه لی ئه شک.. باڵی تیا ناگرێته وه

*

وێنه ی دوو دڵ و تیرێکمان هه ڵکه ند..

له سه ر قه دی ئه و دار ئه رخه وانه

توخوا تۆ بڵێی ئه و داره مابێ؟..

یان ئه ویش سوتوی سه ر گۆڕه کانه!

*

له ئێوارانا.. ئای ڕه نگه ئێستا..

له سه ر بنچکه که ی قه له ڕه شکه یه ک

هه ڵکورمێ و چاوی بڕژێنێ سیحری..

ڕق و نه گبه تیی و فیتنه و گه شکه یه ک!

*

ئێواره یه کی پرته قاڵییه..

دنیای ڕوانینم نوقمی بارانه

دڵ به که ناری ئاوابوونه وه..

خوێنی لێ ئه تکێ.. که یلی گریانه

*

له دنیای دڵی سیاپۆشمه وه..

چاو خافڵ ناکه م قه ت له و هه ورانه

هه ور ته مه نی ئه داته باران..

باران هه ناسه ی به و جۆگه لانه

*

جۆگە لە عومری ئە بە خشێتە چە م..
چە م بە ڕوبار و.. ڕوبار بە دە ریا
دە ریاش دڵی لە مشتی خۆرایە و
نهێنی باران وا لە ژێر سە ریا
*

دڵۆپی باران چە ندی سە وز ئە بێ و
لە غە ریبییا سە ر ئە نێتە وە؟
چە ندی لە لە پی دە ستی ونبوونا..
ئە مرێ و کە س تە رمی نابینێتە وە!
*

دڵۆپی باران تە رمی مردووە..
یان مناڵێکە گڕوگاڵ ئە کا؟
ڕێژنە و ڕە هێڵە گە رمە قاقایە..
یان گریانێکە م ماڵە وماڵ ئە کا؟
*

ئێواره یه کی مات و غه مناکه..
ڕوانینه کانمی تیا سه رگه ردانه
جارجار هه وره کان ئه بنه په نجه ره..
زه رده په ڕ ئه دا له ڕووی وێرانه
*

ئۆقره و ئیلهامم دارێکی وشکه..
نوقمی کزه بای بێ ئارامییه
سه گ وه ڕی تاو تاو.. گرمه ی گه واڵه..
مۆسیقای دڵه ی پڕ سه رسامییه
*
ئای چۆن به م هه موو ژانه وه ئه ژیم
که دڵم لانه ی دوپشک و ماره؟
به شێوه زیندووم.. مردووم له ناخا..
تۆ بڵێی مردن ببێته چاره؟
*

بێ ئه وه ی که سێ منی ناسیبێ..
سته مه لاشه م بچێته ژێر گڵ

ئاخ.. خۆزگە لە ژێر کوختی شیعرێکا..
ئارامی ئە گرت گە ردە لولی دڵ

*

داد بۆ خوا ئە بە م.. نە هێڵێ بمرم..
تا خامە م ژانم ئە هۆنێتە وە
وە کو چۆن ساڵان بە تاڵی سپی..
یادی لە قژما ئە نوسێتە وە

*

مردن لێم گە ڕێ.. ئە مشە و خۆم ئە مرم..
تا شیعرێ بێنمە بوون و ژینە وە
لە سە رابێکام.. خوێنم ئە سوتێ..
بە سۆزی تاڤگە و چە می شینە وە

*

مردن پێم ئە ڵێ: تۆ تە واو شێتی..
وشە جێی ژانتی تیا نابێتە وە
سە رخە سە ر سنگم.. چاوانت لێک نێ..

که س نیه فرمێسک بخوێنێتهوه

*

کوا شیعرێ ژانی من بگرێته خۆی؟

شینم پێ بکه نێ به ده متانه وه

فرمێسکم سه رکا (تانجه رۆ)یه ک بێ..

بڕژێته گۆمی ویژدانتانه وه

*

ئاخ.. بۆ تانجه رۆش.. تانجه رۆی جاران..

تۆ بڵێی چاوم پێی ڕوون بێته وه؟

تۆ بڵێی قژی ماش و برنجیم..

به دیدارێکی ڕه ش ببێته وه؟

*

بیرمه مناڵ بووم له گه ڵ باوکما..

له ته نیشت پرده ڕوخاوه که وه

قولاپی ماسی گرتن له ده ستما و

قاچم ئه خسته ناو ئاوه که وه

*

ئای بە مناڵیی.. بە نوکی قولاپ..

چە ند کۆرپە ماسی ناو تانجە رۆم کوشت؟

ماسیە کی ناو گۆمی تە نیاییم..

دە رگای مە رگ لە خۆم کە وتۆتە سە ر پشت

*

من پرسە یە کم.. هیچ کە س نامبینێ..

بێت و دانیشێ و فڕکا قاوە یەک

وردبێتە وە لە دە ریای ناڵینم..

بگری بۆ مە رگی چە ند سە رچاوە یە ک

*

دە ریای ناڵینم گۆڕستانێکە..

ئارامگای سە دان چە می سە ربڕاو

چە م قە ت سە رچاوە نابینێتە وە..

بە فری خۆزگە شم ڕۆیی بوو بە ئاو

*

به سۆز و یادی هه واری باڵای..
زستانی پار بوو.. له ڕێیه ڕێانا
به فری به رده رگام کرد به په یکه رێ..
تا ته زوی ئۆخه ی بێنێ به گیانا
*

نه ک ئۆخه ی هه ر ده م.. بۆ تاقه ساتێ..
به فرینه کچێ.. به فری ساردوسڕ
شێوه ی بنوێنێ و هه ناسه ی ئۆخه ی..
ده ماره کانم پڕ بکا له گڕ
*

شه و (با) هه ڵکات و بیبه ستێ په یکه ر..
تاکو یه ک دوو ڕۆژ.. بمێنێته وه
به رله وه ی خۆر چنگ له سینه ی گیرکا..
عومری جوانیی لێ بسێنێته وه
*

شه و نوستم.. سبه ی.. کاتی چێشته نگاو..

بوو بوو به هه ڵم په یکه ری باڵای

له و ڕۆژه وه من له تیشکی ڕۆژا..

وێڵم بۆ ورشه و پرشه ی نێو نیگای

*

جوانیی ته مه ن کورت.. عه شقێک ئه به دیی..

بۆ زه رده په ڕێ له ئاوابوونا

وانه ی مه شقێکی بێ کۆتاییه..

له جوان په رستیی دڵه ی زه بوونا

*

ئۆف دنیای جوانییش.. مۆمی کوژاوه م..

خۆی تیا ئه نوێنێ.. دیمه نێکی په ست

سیمای په پووله ی هه ڵقرچاوی شه و..

له ته ماشاما.. گریانێکه خه ست

*

مۆمیش.. ته مه نی.. کزه ی.. سوتانی..

بارمته ی ده نکه شقارته یه که
هه ر ده ستێکیش بێ دایبگیرسێنێ
باعیسی مه رگی په پووله یه که
*

چه ندین شه و له سه ر نزرگه کان من..
بوومه کۆی زوخاڵ.. سوتام وه کو مۆم!
له سه ر نزرگه ی دڵ.. مشایه خێ..
مۆمێکی نیگای دانه گیرسان بۆم
*

من میراتگری سه دان پایزم..
هه تاوی خه می من ئاوا نابێ
هه تاوێک سارد و سڕه وه ک مردوو..
ڕه نگه بوونیشم فرمێسکی خوا بێ!
*

خوا گه وره یی خۆی به من به خشیوه..
بۆ ئازاره کان له هه ست کردنا

ئه و شه پۆلانه و كه شتييه‌كی شڕ..
هه ره س ئه هێنم له خۆگرتنا
*

مردن گێژاوه.. بێ سه وڵه كه شتييم..
ڕێشم گه رداوی چه قۆ و خه نجه ره
چش له مردنم له م ڕێ تووشه دا..
گه ر گۆرانييه ک بێ به په نجه ره
*

چی سامناكتره.. چی غه مناكتره..
له منێكی ته نيای ناو دورگه يه ک چۆڵ؟
گيانێكی ماندوو.. هه ستێكی (نالی..(
خۆزگه ی ماچێكی ده شتی (خاك و خۆڵ(
*

كێ بۆ خه زانی عومری من ده گری؟..
كێ به ديی ئه كا گه ڵا ڕێزانی؟
پايز فرمێسكه له چاوی هه ورا..

کوا هه وری من و قوڵپی گریانی؟

*

تاکه په ناگام پایزه و کزه ی

شینێ له دڵما که ف و کوڵیه تی

کێ له به ر کۆستی منا خۆی ده گرێ؟

دڵم بولبوله.. پایز چڵیه تی

*

ده مه و پایزان ڕوو له شێت بوونم..

پایز که نیسه و خه ڵوه تگای منه

ترپه و لێدانی دڵ خه زانێتی و

له ڕوانینی چاوانتا ونه

*

پایزم زامه و هه میشه ییه..

ڕوخساری به هار نایشارێته وه

له قوڵاییما.. گه ڵاڕێزانه..

زریانی ناخم نابڕێته وه

*

من بۆچی نه مرم؟ بۆ نه بمه هه وریّ؟
تێر بگریم به سه ر باڵای ئازیزا
بۆ ئازیز ڕۆیی و له من ناپرسیّ؟..
ته مێکم له ناو کۆشی پایزا

*

بۆ به سوتوی دڵ چاوی ناڕێژیّ؟
بۆ نامداته به ر کزه بای ئاهێک؟
بۆچی بۆ ژووره سارد و چۆڵه که م..
ناکاته دیاریی په نجه ره ی ئاخێک؟

*

بۆ دڵ شمشاڵه و ناڵیین ئه ۆه نیّ؟..
بۆ ئه و ناپرسیّ له ئاه و خورپه ی؟
له دارستانی سه وزی بیستنما..
بۆ خامۆش بووه چۆله که ی چرپه ی؟

*

له نسێی مه رگا.. گینگڵ ئه ده م و

دڵم هه ر له لای چرپه کانێتی

حه ز و ئاره زوم چۆله که یه که..

کزه بای پایز نیشتمانێتی

*

پایز له دنیای شیعری وێڵ بووما..

ئاسمانێکی پڕ له گه رده لوولە

پایز له خوێنما مۆمه و ئه سوتێ..

پایز له دڵما زامێکی قووڵه

*

پایز بوو کاتێک بڵێسه ی نیگای..

گڕی به ردایه هه وری ساردی دڵ

پایزی نیگای هه ڵوه ری و ڕۆیی..

خۆشه ویستیمی نایه کۆشی گڵ

*

ده ک پایزم ڕۆ.. وه رزی شاعیریی..
دڵ گه ڵایه که وا له به ر (با)دا
که هاناش ئه به م بۆ پایزی ناخ..
تامی پایزی چاوانی نادا!
*

بۆ چوار وه رزی ساڵ نابێته پایز؟..
تا نیگای ئه وم هه رده م نیشان دا
ئه و نیگایه ی له سنگما ئه سوتێ و
چه خماخه ئه دا له ناخی گیاندا
*

پایز بوو.. باران نم نم ئه باری..
نیگای چاوانی پایزیی و مه ستی
وه ک چه م ڕژایه ده شتی گیانمه وه..
ده ستی خۆزگه می خسته ناو ده ستی
*

باران ئه باری و ژێر چه تری پاسێک..

بۆ یه که م بینین بوو به ژوانگه

بوو به په نجه ره بۆ سه ر گۆڕه که م..

لێم ون بوو.. ڕۆیی.. ڕوخا ڕوانگه

*

ئاخ بۆ ده ستێکی پڕ له میهر و سۆز..

بوونم ئه شکێکه به گلێنه مه وه

شیعرم وه ک پایز هه تیو که وتووه و

پایزیش دیاره به وێنه مه وه

*

داوای شیعرێکی سه وزم لێ مه که..

به هار له عومری من بێ به رییه

بڕوانه قژی ماش و برنجیم..

که ده فته رێکی کوێره وه رییه

*

پرسه یه ئه گرم بۆ ئه م پایزه..

چه ند خۆشه له به ر شه سته بارانا

له سه ر ئه و گه ڵا زهردانه بمرم..

له سای به رامه و بۆی چنارانا

*

ڕۆژێکی پایز.. مه ست بووم.. ئه له رزیم..

له ناو باخێکا نوقمی خه زان بوو

هاوڕێیەک کۆشێ گه ڵای داگیرسان..

گڕی گه ڵای زه رد بۆ تینی گیان بوو

*

له یلاکه م چاوی دوو گه ڵای زه رده..

وتم.. تۆ چیت کرد ئه ی هاوڕێی ئازیز؟

ئه و کۆچی کرد و تۆش چاویت سوتان..

بۆ گڕ به ر ئه ده ی له گه ڵای پایز؟

*

تو خوا گه ر مردم.. گه ڵا کفنم بێ..

ده میشم پڕکه ن له گه ڵای وه ریو

تابووت و گۆڕم چڵی پایز بێ و

تە رمم مە نێنە ناو خاکی تە زیو

*

خۆ پایزیش خۆی.. گە ڵاڕێزانی..

ڕائە کشێ لە ناو تابووتی (با)دا

مردنێکی بێ پرسە و گڵکۆیە..

هاوارە و دە نگی ناگا بە خوادا

*

حە ز ئە کە م پایزی عومرم..

هە ور بێ لە چاوی ئاسمانا

گریانێک بێ.. بێ کۆتایی..

سە مایە ک بێ لە سوتانا

بە سرە - پایزی 1980

# ڕەهێڵە

کوا ئێوارەی دووچاوی پڕ گڕی شینت؟..

سەرم کەیلی تەم و مژە.. شەویش داهات

جەستەم تەزیو.. تۆ لە کوێی تا هەوری ئەمشەو..

لە ساماڵی چاوەکانتا.. وچانێ بات؟

*

نیوەشەوە.. هەور ئەسوتێ.. ئاسمان نوقمی بروسکەیە

باران ئەمرێ.. تا گوڵ بژی.. چراکەم بێ تروسکەیە

*

)با) گفەی دێ و

لە پشت دەرگاکەوە دەگری..

دەرگاکە ناخەمە سەرپشت

نامەوێ دوور لە تۆ بمرم..

لەم دیو شووشەی پەنجەرەوە

گوێ لە ناڵینی (با) ئەگرم

*

له ناڵەی (با) دڵنیا نیم..

خۆی ئەگری یاخود هاواری پڕ زریکەی دارەکانە؟

گڤەی (با)یە یان دەنگی نرکە و هەرەسی..

گیانی زەردی گەڵاکانە؟

*

ئەمشەو چەند ماڵ وێران ئەبێ؟..

ئەمشەو چەند کەس ڕەق بێتەوە؟

نازانم زریانی گومان..

دەرگا بە تۆش ئەگرێتەوە؟

*

پەنجەرەکان تەم گرتوونی.. هەڵئەلەرزم.. بینابیم لێڵ

خورپە دڵم وێران ئەکا.. ئاسمان ساردە.. بارانیش وێڵ

بارانێکی بێ ناسنامە..

گریانێکی بێ پەساپۆرت

ئەو چەم کەیلی هاژە ئەکا..

ئەم خامۆشە و ئەسووتێ بۆت

*

سەرم لەسەر پەنجەرەیە.. ئەگریم بە کوڵ

خەو ئەبینم.. تا شووشەکەش هەنسک ئەدا

ئەبێ بە دەست چاوم ئەسڕێ..

ئاهەکانم ئەبێ بە گوڵ

ڕائەچڵەکێم.. شووشەکەلە شەوان ساردتر

ئاسمان نوقمی چەخماخەیە..

ڕەهێڵەیە.. باران خوڕتر

سلێمانی، شەوی ١٣-١١-١٩٨٣

## کارەسات

زستان سەری تەم و مژی..

هەورەبروسکەی پەرچەم و قژی..

لەسەر شوشەی تەزیوی پەنجەرەکەمە

لەتەم و مژ و بارانا.. لەدوورەوە.. چرایەک کز.. کز ئەسوتێ..

حەپەی سەگ دێ.. ئەترسم و

دەستم لەسەر مشتوی شکاوی خەنجەرەکەمە

*

گرمەی هەورە.. یان هەرەسی شاخ و کێوە؟!

گوێم لەچرپەیەکی کپەو هاوارێک دێ لەناو (دێ)وە

چەخماخەیە.. یاخود گڕی لەیەکدانی گاشەبەردە..

بەرەو هەڵدێر ئەبێتەوە؟!

لەتەمومژ و بارانا.. لەدوورەوە.. چرایەک کز.. کز ئەسوتێ..

ئەکوژێتەوەو دائەگیرسێ..

دائەگیرسێ و ئەکوژێتەوە

*

چەند سامناکەلەودیو شوشەی..

بەر ڕەهێڵەی زستانێکی تووشا بمرم!

ببم بەپارچەشەختەیەک

بمرم و کەس پێم نەزانێ..

مەرگم لەدڵی ئازیزا.. نەبێتەبومەلەرزەیەک

باسکی نەرمی نەنێتەژێر مل و سەرم

جەستەی سڕم نەداتەبەر نمەفرمێسکێکی گەرم

*

ئەمشەو ئەگریم.. هەر دڵۆپەفرمێسکێکم..

بۆتەگۆڕ و مەزاری ساردی خەندەیەک

گەر هەر دڵۆپەئەشکێکم.. ئازارێکم بگرێتەخۆی..

ئەبێ چاوانم داگیرسێ وەکو ئاسمانی ڕێژنەیەک

*

لەتەم و مژ و بارانا.. لەدوورەوە.. چرایەک کز.. کز ئەسوتێ و

پەپوولەی وەنەوز لەگوڵ و پەرژینی چاوم تۆراوە

سەگوەڕ تادێ گەرم ئەبێ.. ئاسمان هەر چەخماخەئەدا..

حیلەی ئەسپێک تێکەڵ بەگرمەی هەور ئەبێ و

ڕەنگی بارانیش گۆڕاوە

*

خەو ئەبینم.. یان بەئاگام.. من دوودڵم..

زرمەلەشوشەی پەنجەرەهەڵدەستێت و

دەستێکی ڕەش شانم دەگرێ.. بەدارستانێکی ڕەشدا

ڕامئەکێشێ بەسەر سەدان کاسەسەر و تاشەبەردا

شەمشەمەکوێرەیەک خۆی ئەدا..

بەسەرسنگ و دەم و چاوما

خوێنێکی سارد لەڕووم ئەتکێ..

ترسێکی زۆر لەهەناوما

ڕائەچڵەکێم.. هەڵئەلەرزم.. زیندەخەو بوو..

سەر هەڵئەبڕم.. شوشەی پەنجەرە شکاوە

لەتەکمەوەچۆلەکەیەکیش مردووە..

سەرهەتاپام.. ژوورەکەشم.. نوقمی خوێنی باراناوە!

سلێمانی_ شەوی 1982/11/19

## ونبوون

هەور ئەسوتێ.. هەنسک ئەدا.. شەویش درەنگە

تنۆکی باران.. گەڵاڕێزانی وەرزی گریانی..

دارستانێکی دووری بێ ڕەنگە

تنۆکی باران وەکو هەزاران نەرمەپەنجەو دەست..

لەشوشەی ساردی پەنجەرەم ئەدا و

کەسەر هەڵئەبڕم.. بەچۆڕاوگەوەباران ئەبێتەخوێناوێکی خەست

*

لەڕەشت و لول و چۆڕاوگەی خوێنی باراناوەوە.. ئەڕوانمەدوور

تارماییبەک ڕووەو گۆڕستانەکە.. زۆر بەخێرایی.. زوو تێدەپەڕێت

ئەیناسمەوە.. تارمایی تەڕی بەربارانی شەو..

باڵای لەغەم و تەما نوقمی شاعیرێکەشێت

*

جار جار چەخماخەو هەورەبروسکە

ڕێگەی ڕۆشتنی ڕوون ئەکاتەوە

چەخماخەچرا و تاقەتروسکە

*

ئاخۆ چی بکا؟! چی ئەکا ئەمشەو؟!

کێ ئەنێتەنێو دووتوێی گۆڕەوە؟!

بۆ بێڵ و پاچی ناوەتەسەرشان؟! ئەی کوا مردوویەک؟!

ئەی کوا تابووتێک؟! ئەی کوانێ خەڵکی بەشەپۆڕەوە؟!

خۆی گۆڕهەڵکەنە.. خۆشی مردووە

هەر خۆی پرسەیە.. خۆی کۆست کەوتووە

*

بەبێ ئەوەی کەس بزانێ بۆچی؟! کەس نازانێ کەس..

لەگەڵ ناشتنی تەرمەکەی باوکیا..

دەفتەری شیعریان خستەگۆڕەوە..

هاژەو هاواریان لەتاقگەو چەمی چریکەی بڕی..

وەک مەلی نامۆ و زیندانیی قەفەس

*

ئا ئەو شیعرانەی بەمەرەکەبی دڵی تواوەی هۆنرابوونەوەو

تانجەرۆ و زەڵمایان بەچاوانی ڕشت

بۆ لەدووتوێی گۆڕ یاخی نەبوون و

پەنجەرەیەکیان نەخستەسەرپشت؟!

*

هەر هەنگاو ئەنێ و

تاو نا تاوێکیش دەنگێ ئەبیستێ بەچرپەئەڵێ:

خۆ تۆ شەیتان نیت.. چۆن گۆڕی باوکت هەڵئەدەیتەوە؟!

پەنجەرەی گوناھ..

بۆ لەسەر ژووری بەفرینی گیانی خۆت ئەکەیتەوە؟!

سلێمانی_ شەوی 1982/11/21

## ماسیگرێک*

لەپەنجەرەی ڕۆژانێکی بەفرینەوە..

پۆلەمراوی کێویلەی نیگای هەڵئەفڕین و

ئەنیشتنەوەبەسینەی پانی دەریای شینەوە

ئەو مرۆڤەی دەستی لەجەرگی شەپۆلا و

تۆڕی ڕەنجی لەکۆڵا بوو..

کەوتەبنی نائومێدیی و

گێژاوێکی دێرینەوە

*

شەپۆلەکان تابووتی بوون..

ناڵەو هاواریان هەڵمژی

کەنار ڕەشیی بۆ نەپۆشی..

ئاخ تەرمەکەی بۆ نەکەوتەسایەی درەختێکی سەوز و

مەزاری ئاو..

سەری هیوا و ئومێدی خستەناو کۆشی!

*

لەسەر تاشەبەردی کەنار مێشکی پژاو

شەپۆلەکان لەخوێنی ئەو..

کراسێکی ئاڵیان پۆشی

لەچاوتروکانێکیشا.. ئارام و هێدی بوونەوە..

بوون بەچەپکێ گوڵی سپی

لەسەر لمی ڕۆخی گەرمیش..

دوا شوێن پێی ئەو سڕایەوە

دەریاش سەری خستەوەژێر باڵی کپیی

*

لەکەنارا.. چەند جار گۆرانیی چڕیوەو

تۆڕی بۆ ماسی هەڵداوە!

پەنجەرەی ڕوانینی ئەمڕۆ ڕەش و تەڵخە..

ماسی دەوری تەرمیان داوە

سلێمانی_ شەوی 1983/7/14

ئیحای ئەم شیعرەم لەتابلۆی (ڕاوچییەکی خنکاو)ی هونەرمەند ئیسماعیل خەیات وەرگرتووە.

# تەم و مژ

من هاواری ملیۆن داری..

بەر ڕەشەبای لەپەل کەوتوو.. و هەڵوەریوم

من زایەڵەی ملیۆن مەلی..

لانەڕوخاو.. و تەریوم

لەپەنجەرەی پایزێکی ئەبەدییەوە

ئەڕوانمەدنیای تەم و

خوێنی ڕژاوی گەڵاکان

ئەڕوانمەچرای کوژاوەیماڵەکان

*

ئیسماعیلێکم ئێستاکە.. نەک چەقۆی ئیبراهیمی باوک..

چەقۆی دەستی دێوی غوربەت سەرم ئەبڕێ

چ فریشتەیەک ئەگاتە هانای زریکەی بەر لەمەرگ و سەربڕینم؟

چ فریشتەیەک گیانداری ئەکاتەقۆچی قوربانیی ئەم غوربەتە؟

ئەی خوای گەورەنایەتەدەنگ؟

لەگەرووی کەنیسەکانا..

خنکاوەپەیامی عیسا و زایەڵەی زەنگ

مەسیح هەر بەخاچەوەیە..

ئێسک و گۆشتی لەگەڵ تەختەو بزماری خاچ تێکەڵ بووە..

خوێنی هەڵمی لێ هەڵئەسێ..

ئەی نابینن هەڵمی خوێنی..

چیا و دەشتی سوور کردووە؟

هەوا بۆنی مەرگی لێ دێ..

مەرگ ڕەشەبای هەڵکردووە

*

بۆ جارێ خوا نایەتەدەنگ؟!

بۆ جارێ خوا نابێ بەڕەنگ؟!

*

ئابڕوی مرێمیان برد و
وێنەکەی وا بەدیواری باڕ و مەیخانەکانەوە
نوقمی ژەهری حەشیشەو توتن و تلیاکە..
گوڵێکی هەڵپڕوکاوەبەدەست لیکی شەرمەزاریی و
نیگای بەدمەستەکانەوە

*

لەو ڕۆژەوە.. قابیل هابیلی برای کوشت
لەو ڕۆژەوە.. دەرگای شەهوەت کرایەوە..
دەرگا لەخوێن کەوتەسەر پشت
لەو ڕۆژەوە.. زەمین خوێنی..
بەرد و درەختی بەربووە
لەو ڕۆژەوە.. خاک بۆ پەیامێکی عیسا..
ئاگر لەجەرگی بەربووە
عیسا تەمە..
عیسا تەمە

گەرچی گەڕانەوەی خەونی هەزارەها ڕەش و ڕووت و

دڵی ڕوخاوی ژێر خەمە

کەقابیل تەرمی هابیلی لەکۆڵا بوو..

بۆ خوا قەلەڕەشی بۆ نارد؟

تا فێری کا چۆن بیکا بەژێر خۆڵەوە

چی ئەبوو گەر قابیل هەر تەرمی هابیلی بگرتایەبە کۆڵەوە؟

*

ئەی سەردەمی قەلەڕەش و کونەبەبوو

من ئەمرم و لەناو دەریای دوودڵیی یا..

شەپۆلێکی دڵنیایی بۆچی مێشکم ناپژێنێ..

بەسەر تاشەبەردێکەوە؟

شەپۆلێکم ئەسوتێم و نابمەهەڵم

لەدارستانێ تاشەبەرد..

هەڵئەنوتێم و سۆز ئەکەم بەعەزرەت کەنارێکەوە

گشت گیانم لەت و پەت بووە

لەهەر چایخانەو شەقام و بن دارێکا..

پارچەیەک لەدڵم ونبووە

من یوسفم.. یەعقوبیشم..

نیوەم لەبنی بیرایەو نیوەم ئەگوی

کوانێ ئۆقرە؟.. کوانێ ئارام؟

کراسی یوسف بۆ یەعقوب..

یەعقوبێکی ژێر هەرەس و ملیۆنێ زام

سلێمانی شەوی 1983/11/28

## هەواری چۆڵ

تەمێکی سووری کاتی زەردەپەڕ..

ئەو دەشتەچۆڵەی گرتۆتەباوەش

ڕێبوارێکی ناو کزەبا و زوقمم..

گوێم کەیل بووەلەگڤەی باڕەش

* * *

ڕۆژانێکی زوو لەدەوری دەوار..

کوانوو ئەگڕا.. ئاگر بەرز و گەش

ئەو دەشتەخۆشەی جاران هەوار بوو..

پڕەلەقیژەو قاژەی قەلەڕەش

* * *

داری کەنار ڕێ.. دەست و پەنجەزەرد..

لەبەر زریانا.. باڵا ڕووت و قووت

چاوەڕێی تاوەباران و ڕێژنەن..

ئاسمان تێر بگری بەئەشکی یاقووت

* * *

پێڵوەکانی من پڕن لەتکە..

بۆ سەر مەزاری گەڵای هەڵوەریو

کەچاو ئەگێڕم.. هەر خڕکەی ڕەشەو

خۆڵەمێشێکی خامۆش و تەزیو

* * *

ڕۆژانی دێرین.. بیر ناچێتەوە..

دڵم هەر ئەگری.. چۆڵ نیەلەغەم

)با) گەڵای درەخت دروێنەئەکا و

گوڵ سیس و ژاکاو.. لوتکەسەر بەتەم

* * *

گوڵێکی کێوی.. ڕووا و هەڵوەری..

دەواری قەرەج.. لەسای نسارا

پۆلەچرۆی سەر چڵی پایز بوو..

سەد پەلی دابوو بەڕووی بەهارا

* * *

جگەلەخشەی گەڵای دەم (با)ی کۆچ..

نەئاوازێک دێ.. نەدەنگی سەگوەڕ

گەواڵەیەک دێ لەدەم ئاسۆوە..

بۆ گۆڕکردنی تەرمی زەردەپەڕ

* * *

لەپشت ڕەهێڵەی هەوری ڕۆژانا..

فریشتەی دەوار چاوی چۆتەخەو

هۆبەی شڕوپڕ لەخوار ماڵانا..

شۆخ بوو بەوێنەی بەفری نیوەشەو

* * *

بەخیلییم ئەبرد بەژینی قەرەج..
گەرچی دەواریان دڕاو.. و شڕ بوو
مەشخەڵانی ناو سەرما و سۆڵەبوون..
قوڵایی گیانیان پڕ سکڵ و گڕ بوو

* * *

باڵا بەرزێکی ئەسمەری قەرەج..
تاکەفریشتەو شۆخی دەوار بوو
بۆ سەر خەوێکی ناو گڕی مەمکی..
سەری پڕ زوقمم.. پڕ لەهاوار بوو

* * *

چەند سەوداسەر بووم.. قەت جێم نەهێڵن..
کچەقەرەجێ بێ بەهاوسەرم
گوێدرێژێک و سەگێکم بەنێ..
بەرگی قەرەجێ بکەمەبەرم

* * *

با داکا نمەی ئەشکی پایزیی..

تا چاو پڕتینه.. تا ئەکا هەتەر
بۆ گۆڕێک نەکەس لەسەری ئەگری و
کەسێکیش گوڵی نەخستۆتەسەر

سلێمانی_ شەوی 1983/12/3

## بابەتاهیر

ئاخ بۆچی دەستم نەگەیشتەهەور؟..
چاوی پڕ پرسم خوێنینەو نمناک
باخ سووتا.. ئەشکم نەیکوژانەوە........،
سوتەمەرۆیەسەرانسەر ڕووی خاک
***
ئەوی بە ڕووتیی لەشەختەو زوقما..
لەگۆ نەکەوێ.. نەوەرێ پەنجەی
لەسەرما ناگا و.. گۆرانی ناڵێ..
بۆ بڵێسەو گڕ.. بۆ لارولەنجەی
***

کەسێک لەگڕا.. گەر هەڵنەقرچێ..
لەسەریا.. بەفری عەشق داناکا
نازانێ پشکۆ و هەڵقرچان چییە..
شنەلەسارای دڵیا هەڵناکا

***

ئای لەشەوانی ئێشک و کزەو سۆز
لەسەر تەرمی دڵ ئەشکی زۆرم ڕشت
مۆمم فڕێدا.. کاتێ کەبینیم..
دەیان پەپوولەی شۆخ و شەنگی کوشت

***

لەجیاتی بۆنی لالەی کۆساران..
قوڵایی سینەم.. کەیلەلەبۆسۆ
بەهەر لایەکدا.. چاو ئەگێڕم من..
هاوارە.. تەرمە.. مردنەو گڵکۆ

***

بۆ سەدای ناڵەو کزەی غەریبییم..
خوێنی ڕەشەبای بیابانی نەڕشت؟
بۆچی گریانم نەبوو بە دەست و
دەرگای لەباران نەختەسەر پشت؟

***

چی لەگوڵزاری کاران بکەم من؟

یان بۆچی بچمەسەر زێی زیندەرۆ؟

چاوم هەزار جار بەکوڵتر ئەگری..

لەتاڤگەی زەڵم و چەمی تانجەرۆ

***

لەسەردەمێکا هاتمەدنیاوە..

هەموو ساڵێکی خۆزگەبەپار بوو

کەشتی ناو دەریای ئەسرینی خۆم بووم..

هەر نا ئومێدییش بۆ من کەنار بوو

***

گەر شاخ بوومایە،، بەشەو و ڕۆژێ..

لەگەردەلوولا.. ئەمهێنا هەرەس

من لەپایزی تەمەنیشا هەر..

سۆزم ئەکرد و هەر شکستەدەس

***

ئەموت گمر لەبەر باخێکی سەوزا..

بێت و سۆز بکەم.. منی دوور ئازیز

گوڵ هەڵئەوەرێ.. زەرد ئەبێ وەک ڕووم..

دار سەر ئەنێتەناو کۆشی پایز

***

بەر لەشیوەن و سۆزی شیعری من..

باخ قرچەقرچی سووتانی ئەهات

نزاشم ئەشکی بەئاسمان نەڕشت..

هەر خوچەو گوڵ بوو بەلادا ئەهات

***

مەزار و گڵکۆی خۆم کردبووەکۆڵ..

من هەر دادم بوو لەدەستی باڕەش

دەستم نەگەیشتەدامەنی هەور..

خاکی سووتاوی بنێمەباوەش

سلێمانی - شەوی 1983/12/8

# ڤان کوخ

گەرچی تەمێکی ڕەش وەکو شوورا

ئاسۆی ژیانمی خستبووەنێو مشت

بەگیانێکەوەوەك گیانی مەسیح

ئەمویست دەرگای نوور بخەمەسەر پشت

)ئەرسۆلا)ش دەرگای لەڕوو داخستم
تا کلَپەی دلَم .. دلَی سیس نەکات
قەشەش پێی وتم .. مەیەکەنیسە
پێلاوەکانت جێ و ڕێ پیس ئەکات

پێلاوکەشم وەك خۆم بریندار
ڕەش بوو لەتۆزا و بەگەرمای تەموز
بەفری مزگێنیم ئەباراندەسەر
کرێکارانی ناو کانەخەلَووز

کەناری سۆزی هەژاران بووم و
لە(سییۆ) زیاتر کەسێ نەبوو کەس
باوەشی هیوای هەمیشەیی بێ
چرای ئومێدم بخاتەسەر دەس

خۆ (کای) یش جار جار مەلی ئەدامێ
خۆم نەدایەدەست شەهۆەت و گڕی

گڕی لەدڵما نەڵێنیڵی بوو

بەبەفری خەڵوەت گونایم سڕی

فڵچەم لەخوێنی خۆم هەڵئەکێشاو

دەریایەك بووم شێت شەپۆلم زەبەنگ

خۆراکی لەشم قاوەو دووکەڵ بوو

خۆراکی گیانیش بۆیەی ڕەنگا و ڕەنگ

لەتابلۆ کانما خۆرم ڕاو ئەکرد

کەشەو دائەهات خۆر ئاوابوو

لەو تابلۆیەدا ئەم بردەوە

تازەلەکۆشی کازیوەدابوو

کەپشکۆی هاوین بەپێستما ئەچزا

خۆم نەئەخستەژێر باڵی بەفر

کەزستان نوقمی بەفر و ئاو ئربووم

هانام نەئەبرد بۆ کولبەو چەتر

کەپایز داری ڕووت ئەکردەوە

حەزم ئەکرد پێستم بکەمەبەری
پاڵتۆ سەوزەکەم بدەم بەشانیا و
شەپقەشڕەکەم بکەمەسەری

لەتابلۆی شەودا هێشووی ئەستێرەم
بەخشی بەچڵی شەوی بێدوایی
کەچی ژوانی یار نەیزەکێ بوو
کشاو مامەوەلەگەڵ تەنیایی

ئاخ (کریستین)یش لێك جیابووینەوە
سۆزانی نەبوو لەلای من خوا بوو
وەکو من پاییز چەقۆ زەردەکەی
لەداری سەوزی گەردنی نابوو

پاییزی ڕنگ زەرد مایەی دڵتەنگی
کردم بەڕەمزی ئومێد من ڕەنگی
خۆم ڕاهیب ڕەنگی زەردیش پەرسگا
قەت خامۆش نەبووەلەگوێما زەنگی

داخی (گۆگان) بوو من گوێی خۆم بڕی

یاخود بەتەنیای خواستی (ڕاشیل)بوو؟

دەرگایی شێتخانەخۆم نەمکردەوە

بەردەبارانی خەڵکی کلیل بوو

کەخوێنی خۆمم ڕشتەتابلۆوە

کەزانیم ئیتر خۆر لێم هەڵنایەت

من گولەی م ەرگم نا بەخۆمەوە

چونکە(بەدبەختی کۆتایی نایەت(

سلێمانی \شەوی\17\5\1984

# گۆڕان

ئەوێک ساڵانێک(سیزیف)ئاسا بوو..

تاشەبەردەکەی گەیاندەلوتکەو

لەناو پێدەشتی ئۆقرەو ئومێددا..

برینانەکانی قەتماغەیان بەست

جێگەتنۆکی فرمێسک و خوێنی بوونەگوڵزارو

کراسی بەری کەهەورێک بوو ڕەش پەڵەی سپی دا..

پەلکەزێڕینەی کرد بەدو بازن بۆ مەچەکی دەست

*

ڕدێنی خەفەت ناهێڵێتەوە..

شوشەی مەیەکەی بۆ دوور تووڕداوە

ئێستا هاودەمی نەغمەی هوزارەو

لەژوورەکەیا..تا دەیلانەی شەمشەمەکوێرەی تێک و پێکداوە

دڵی پۆڵایە..

پەپولەی خەندەگوڵی لێوی ئەو بەجێ ناهێڵێ و

دنیای ڕوانینی هەردەم شۆخوشەنگ

ئاوازەزەردەپاییزیەکانی لەیاد کردووە..

گەرووی کەیلی لەهەزاران هەزار بەستەی ڕەنگاوڕەنگ

*

ڕەنگەبپرسن..چۆن وا گۆڕاوە؟..

نەمامی حەزی تازەی ناشتووە

با پێتان بڵێم..چونکەباڵاکەی وا لەژێر خاکاو..

یەک دوو ڕۆژێکە کەخۆی کوشتوە

هەولێر/شەوی ١٩٨٥/٦/٢٨

____________________________________-

*سیزیف قارەمانێکی ئەفسانەی یۆنانیە..دوژمنایەت سەرچڵیەکی زۆری لەگەڵ خوداکان کرد

..خواکانیش سزایەکی توندیان دا بەوەی کەهەموو ڕۆژێک لەدامێنی شاخێکەوەبەردێک سەربخا بۆ لوتکەکەی،بەلام هەموو جارێ بەرلە وەی بەردەکەبگەیێنێتەلوتکەتل ئەبێتەوە

ئەمیش سەر لەنوێ سەر دەخاتەوەبەهەمان شێوەدەبێ تا دەمرێ ئەمە ش ڕەمزێکەبۆ بێ هودەیی.

# سەراب

تەواو دڵنیام قژم کەنوقمی بەفری پیریە......

لەسایەی تۆدا..تاکەتاڵێکی هەرگیزا و هەرگیز رەش نابێتەوە

گەر ڕەهێڵیش بێ..دەستم ناگری بۆ ژێر چەترەکەت...

ژیلەی خەفەبووی دڵی بەدیدارت..گەش نابێتەوە

**********

دوو دڵ نیم لەوەی چاوی خەواڵوت..

سوتوی سەدەها شیعری سوتاوم بۆی نابێتەکل

ئەترسی چاوت ئەشکی تێبزێ و

بنمەی سۆزت..دەشتی غەریبییم پڕ بکەی لەگوڵ!

**********

تۆ ئەی سەراب.. ئەو دۆزەخەی رەنگی ئاوت کردۆتەبەرگ..

رووەو تۆ هەنگاوم ئەنا..بێ ئومێد لەبوونی کانیی و

بێ پەروا لەبوونی مەرگ

ئەهاتمەلات.. کەجگەرەم دائەگیرسان..

پەنجەرەت ئەخستەسەرپشت

وەک پێم بڵێ ی ..هەوای ئەم ژوورەمنی کوشت

نەک جگەرە..لک دوکەڵی سەدان دارستانی سوتاو..

سینەمی کرد بەمەنزڵی

گەرچی هەرگیز گوڵێکم نەسوتاندووەو

لەمەستییشا..نەمشکاندۆتەوەچڵی

بۆ پەنجەرەئەکەیتەوە؟..کوا هەوای پاک؟..

هەوای دەرەوەو ژورەوە..

پڕەلەمیکرۆبی سیل و بۆنی گۆڕو دوکەڵی خاک

## خانمی سوور پۆش

سێ زستان ڕۆیی و

دەستی ڕەشەبا گەرچی ملیۆن جار دارکاژی باڵای

خستۆتەلەرزە..

پەنجەری نیگای پڕ چاوەڕوانیی پێ دانەخستووە

قەت تاوەتەرزە

سێ بەهاریش ڕۆی..

دەستی نەهێنا گوڵێک بکاتەدیاریی ئەگەریجەی

سپی پەشێوی

پایزیش ڕۆی..

بەپەنجەی زەردی وەری هەڵالەی نێرگزی چاوی و

ژاکا گوڵالەی خوێنینی لێوی

ئەو سی هاوینەش هەتاو سوتانی..

گەر بەفر بووایە..ئەبوو بەهەڵەم

دوو نمەی وردی فرمێسکی چاوی..
زۆر مەزنترەلەزریبارو خەزەرو زەلم
*
سی ساڵ لەمەوبەر خۆرنیشینانێ بەبەرگی سوورو
چەپکەگوڵەوە...
کەڕۆخ شەقامێ جێ ژوانی بوو
بێ ئۆقرە..هەر وەک لەسەر پشکۆ بێ..چاوی ئەگێڕاو
بێ ئاگا لەوەی چۆن کارەساتێ چاوەڕوانی بوو
ئازیزی هات و ئەفسوس بەر لەوەی دەست بنێنەدەست
ماشێنێک وەکوناگەهان ئەوەی لەم کردەو
لەجێ ژوانا..خوێن جۆگەلەی بەست
ئەمیدێوانەش گشت ئێوارانێ..
لەهەمان جێدا..بەهەمان بەرگ و تاسەو کۆڵەوە
لەئاپۆڕای خەڵکا ڕوانینی هەر وێڵەبەدوای
شێوەی ئازیزاو
بڕوا نەهێنێ خرابێتەنێو دوو توێی گڵەوە
*
سیمای دێرینی چرچ و لۆچ بووەوەکو ئەوە
سێوەی لەچڵ بۆتەوە

هەر بەر بەپێوەیە..هەر چاو لەڕێیە..خانمی وەفا..

تف لەو زەمەنەی ئەم فریشتەیەی لەبیر جۆتەوە

١٩٨٧/٦/٥

*تا مێژوی نوسین ئەم شیعرەخانمی سور پۆش_لەژیانا مابوو

# پایزی دەریا

ئەی لەو کەنارەی سەرتاپا زیو بوو....

چون هێندەلاشەی ماسی لەسەر بوو

لای ئەمی شاعیر کەپایز هەردەم وەک زەردەماریَ....

تاقەپشتێنی دەوری کەمەر بوو

لەتەمەشایە....

تا دەریاش بووەدرەختێکی ڕەش سەر لەئاسمان...

وەرزیس سەر لەنویَ گەڵا ریِزان بوو

لەجیاتی گەڵا..لەهەموو لق و چڵەکانیەوە...

ڕژێنەی وەرینی ماسی بەفرینی وشکی بیَ گیان بوو

لەدەریای پرسی...

بۆ وا ڕەش پۆشەو

ماسیەکانی خۆی بۆچی کوشتبێ؟

بۆ وا ڕەش پۆشەو لەشەوێک ئەچێ....

ئەستێرەکانی هەمو ناشتبێ؟

پرسیارەکانی لەئاو خنکا

تاسەی وەڵامیش هێزو تینێکی تەلیسم ئاسای بەگیانی بەخشی

هەر کەدەستی کرد بەخوێندنەوەی شعرێکی شەنگی...

چی ماسی مردووی ئەو ئەقارەبوو...

بەزیندویەتی چونەوەدەریا..

دەریاش روون بۆوە...شین بۆوەڕەنگی لەپاداشتیشا

کۆرپەماسیەکان پێڵاوەکەیان پڕ کرد لەگوڵ و دەنکەمرواری

هەر کەکردیانەئەمیری دەریا

پەلکەزێرینەی ئەو خەونەخۆشەی

وەک هەڵم ون بوو کۆچو کۆچباری

ئا لەو رۆخەدا خۆی بینیەو..

کەدەریا تیایدا درەختیک بوو رەش سەر لەئاسمان....

وەرزیش سەر لەنوێ گەڵا رێزان بوو

...وەرزیش سەر لەنوێ گەڵا رێزان بوو

لە جیاتی گەڵا لەهەمو لق و چڵەکانیەوە...
رژێنەیوەرینی ماسی بەفرینی وشکی بێ گیان بوو

# نامەیەکی پایزیی

ئەی ئەو کچیەپایزانیش بەرگت سەوزەو گوڵی تەڕ ئەدەی لەسەرت
خەو مەبینە..قۆڵ و باسکم پشتێنێ بێ بۆ کەمەرت!
نەت دیوە..چۆن ئاگری سپی پیریی بەر بووەتەقژی سەرم؟..
ئەترسم دارستانی قژی ڕەشت بگرێتەوە
تۆ نەت دیوەپەنجەکانم دەچڵی وشکو برنگن؟
گەر ببنەشانەی قژت..ساتێک نابات ئەشکێتەوە!
لۆمەم مەکەگەر دیت چاوم هەردەم وەک هەوری زستان بوو..
من کەناری شیعرم بەسەباوەشم بۆ بگرێتەوە
ئەگەر هاتوو بیستت خۆم کوشت بزانەکە..
نەمتوانیوەشیعرێ بڵێم..ئازارمی تی جێبێتەوە!

شەوی ١٩٨٧/٨/٦

# تەنیایی

سەدەها سەگم پێ وەڕیوە....

کەڵبەی تیژیان لەو دەستانەم نوقم کرد

کەنانی تیابو نوەک بەرد

درەختەپایزیەکانیش‌لکیان بەجێهێشت...

کەدڵی سەوزم دیاری بو نەک گەڵای زەرد

فەرامۆشم..

فەرامۆسم وەک تەرژەنێکی مەزن...

نیشتەجێ بووی شارێکی کڕ

فەرامۆشم...

فەرامۆشم وەک زەنگی ئەو کەنیسەیەی...

بوبێتەبنکەی سەربازی و زەخیرەی شەڕ

سلێمانی شەوی ١٩٨٧/٨/٦

## لەشانشینی پایزا

بەرگم کزەبا...دەستێکیشم زوقم...کوختیشم گەڵای وەریوەفەرشی...سەرباری دڵی کەیلی موچرکم...

زۆر شکۆمەندم بەشانشینی پایز و عەرشی

تخوا چۆن تاجی ئاڵتونی سەرم ...کەڕستێک گەڵای هەتاو ڕەنگە..

فڕێی بدەمەبەر پێی بەهارێ..کەلەلەزگمیەکی سەوزی بەرینە..

بۆ داپۆشینی زام و برینی ئەم سەر زەمینە؟

## دووەم نوح

ئەوە ئەمجارەش زەوی وەک سێوێکی ڕزیو..

لافاو ئەینێتە سەر لەپی دەستی..

لافاوێک کە (ئـەو) هەر لە ئێستاوە سەدای

ئەبیستێ و

شەپۆلیش ئەدا لە شوشەی هەستی

*

به هیوای تەختە بۆ دووەم کەشتی..

داراستان نەما نە گەڕێ و ئەفسوس..

تا هەردوو ئەژنۆی ..هەر خۆلەمێشی بێ تین و سڕ بوو

درەخت نەک پاییز..

ڕووت و بێ بەرگی شاڵاوی گڕ بوو

*

ئای چەند بێزارە..

کەوتۆتە بەر (با) چرای هاواری

بێزارە..بێزار ئا لەو سەردەمەی ..

خەڵکی بێزارە..بێزار ئا لەو سەردەمەی

خەڵکی پێڵاویان لە پێستی گوڵەو

لەبەر بارانا...چەتری سەریانە باڵی کەناری

جار جارە لەبەر خۆیەوە ئەدوێ..

لە سەر زەمینی ڕەشەبادا گوڵ.. بۆ ئەوەی نەشکێ

گەردنی بەرزی..

ئەبێ هەمیشە لقی لە پۆڵا و پەڕەی لە مس بێ و

هەڵاڵەی دەرزی

*

شەو ڕۆژ  خەمی سامناک ئەبینێ..

دەریاکان پڕن لە تەرمی کەشتی

کەنارەکانیش بوونەتە هەڵم و

تەرمی هەزاران منالٚی ساواش..

شەپۆل داویەتیە دەم ڕەوتی گەشتی

*

کەی دارستانێ ئەدۆزیتەوە گڕ نەیکردبێ

بە مەزاری ڕەش؟

بەر لەو لافاوەی سەرتاپای زەمین ئەگرێتە باوەش؟

بەر لە سەفەر.. بەر لەوەی ڕێ بگرێتە بەر

هیچ (حەوایەک) ناگرێتە خۆ..

(ئادەم)ی مێردی کوشتبێ

هیچ (قابیل)ێک دەرباز ناکا

یەهودا)کانیش بە جێ ئەهێڵێ..(

بۆ هەر ( مەسیحێک )مایەی ئازار بوون

(مەرگەوەڕان)یش بە نەفرەت ئەکا..

کە مایەی مەرگی سەدان دڵدار بوون

سلێمانی ١٩٨٧/١١/١٣

## نوێژێک لەبەر بارانا

ئەوەهەورەکان دەستو پەنجەیان لەیەک ئاڵا و

لەو دیو جەنگەڵی چڕی هەورەوە..

خۆر وەکو چرای کوختیەکی لادێ کزو بێ تینە

بارانیش دای کرد ...ئەوەبارانە؟..یان خوێنی سپی

چۆڕاوگەی زامی هەوری ژێر دەمی شمشێری تیژی بروسکەی شینە؟

*

ئای چەند شەیدای ئافرەتێکم لەباران بێ..

پەریزاندەی باو بۆران بێ..

کەوتمەمەرەکەبی گوناهەوە...

دەرم بێنێ و بمداتەبەر ڕێژنەی ئەشک باری

کەسەراب بو بەمەنزڵم...

مەمکیم بۆ بکاتەدوو کانی و

پرچی بەکەپری مرواری

ئەم ئێوارەیەش هەمان ئێوارەی جاری جاران بوو..

بەڵام پەیکەری شەقامێکی بەر تاوەباران بوو

ڕێبوارێ وتی..وەرەژێر چەترم

وتم نەء هاوڕێ..حەز ئەکەم هێندەبچوک ببمەوە..

هەتا تنۆکێ ئەبێ بەقەبرم!

بەشێتی زانیم..

منیش لەسایەی ئاسمانی نوقم لەشین و شۆڕا..

دەفتەری تەڕبووی شیعرم ئەگەر چی..

پەڕەکانی گشت کاڵ کاڵ بونەوە

دڵم لەپەری باران نەتۆرا

بەخیلییم ئەبرد بەو تنۆکانەی...

بەشانو ملی کچەکانەوەڕێچکەیان ئەبەست

لەخۆم ئەپرسی..بۆ نمەی باران وەکو ملوانکەناهۆنرێتەوەو

بۆ وەکو بازن ناکرێتەدەست؟

باران بەزمانێ ئەدوێکەس پیس ناکا

باران ساتێ تورەدەبێ گوڵ سیس ناکا

باران لەمیحرابی دڵما مۆمی نوێژی هەڵکردووە

پێستم وەکو شەختە..بیریشم لەلای هەتاوێ نیە..

لەودیو جەنگەڵی چری هەورەوە..

کەوەکو چرای کوختێکی لادێ کزو بێ تینە

باران شەرستەئەکا..ئەوەبارانە؟..یان خوێنی سرپی..

چۆڕاوگەی زامی هەوری ژێر دەمی شمشێری تیژی بروسکەی شینە؟

**ژەنەڕاڵی پاییز**

منم‌ژه‌نه‌راڵی پاییز..

منی‌هه‌رگیز ئۆقره نه‌دیو

ژنه‌راڵم...ژه‌نه‌ڕاڵی هه‌زاره‌ها داری رووت‌و

ملیاره‌ها گه‌ڵای وه‌ریو

*

منم‌ژه‌نه‌راڵی پاییز...

کاسکێته‌که‌ی سه‌رم هه‌وره‌و

ئه‌ستێره‌کانی سه‌ر شانم چه‌ند گه‌ڵایه‌ک به‌ ڕه‌نگی زیو

پاڵتۆی به‌رم کزه‌بایه‌ و

شمشێره‌که‌م لقی دره‌ختێکی ڕزیو

*

منم‌ژه‌نه‌راڵی پاییز

خوێنێکی زه‌رد به‌نێوده‌مارما ده‌گه‌ڕێ‌و

چاوم هه‌روه‌ک هه‌ور نمناک

ته‌نیا من بووم که‌له‌تابووتی شوشه‌دا

چه‌ندین گه‌ڵام سپارد به‌خاک

*

منم‌ژه‌نه‌راڵی پاییز

من بووم له‌گه‌ڵ زریانی بیرچوونه‌وه‌دا...كه‌وتمه‌جه‌نگ‌و

زۆرگه‌ڵام ده‌رهێنا له‌چنگ

من بووم شه‌وی گه‌لاكانم...

خسته‌ژێر بالی تریفه‌و _ ورشه‌ی گزنگ

*

منم‌ژه‌نه‌راڵی پاییز

پایز به‌بی من هه‌تیوه و

من بووم وتم به‌ڵێ ته‌رمی نسێی سه‌وزه...

گه‌ڵای وه‌ریوی كۆچ كردوو

ته‌نیا منم كه‌له‌میحرابی پایزا...

بۆ گیانی زیندووی گه‌لاكان...

نوێژی شه‌هید دائه‌به‌ستم...ناوی نانێم نوێژی مردوو

سلێمانی شه‌وی ١٩٩٠/٢/٢٨

# له جه‌ژنی سه‌ری ساڵا

ئه‌مشه‌و جه‌ژنی سه‌ری ساڵه‌و

ڕۆژانی زوو ..تێپەڕیوە

هەر من تەنیام..ژورم ساردە..

دەست و پەنجەم هەڵوەریوە

*

لەوێرانەی دڵێ منا..

کلو کلو بەفرەبارێ

بەپرچی بروسکەکانا..

باران نم نم دێتەخوارێ

*

ئاسمان ئەگری و

کۆشکەکانیش چراخانن

دڵم ئەگری و

شعرەکانم زایەڵەی لێک دابڕاننن

*

نەئاگردانێک شک ئەبەم..

نەهەمەپێکێکی گەرم

سەرما جەستەم ئەگرێتەکۆش..

سا خویەداد بۆ کێ بەرم؟

شیعر بۆ گۆرانی